# ئەگەری هەڵبژاردن ئەگەری زۆرینەیەکی یاخی ؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

ئەگەر هەڵبژاردن ئەو پرۆسە دیموکراسیە بێت کە خواستەکانی گەلی کوردو گەلانی تری ئازارچەشتوی پێوە بەسترابێتەوەو چاوەروانی گۆرانێکی رادیکالانە بکەین لەدەرەنجامەکانی بۆ عێراقێکی نویٚ ئەوا ئەبێت ئەو ئەگەرە ترسناکەش لە بیر نەکەین کە وەك گەمەیەك رەنگە ئەمجارەیان زۆرینەی مەزهەبی و حەوزەی شیعە پێی هەستن گەمەیەك هەمان ملوانکەی تراژیدیانەی تاکرەوی دەسەڵات بکەنەوە گەردن و ملی عێراق و تاکی عێراقی، بەتایبەتی کورد لەم پرسەدا نابێت بە ئاستەمیش سازش بکات لە سەر حسابی تاکی کوردی و موجامەلەی حەوزەوگروپی دەسەڵاتگەری شیعە بکات، چونکە جارناجار گوێمان ئەزرنگێتەوە بە تەحالوفاتی پشت پەردە لەگەڵ شیعەکانی عێراقدا لە کاتێکدا ئەم سەردەمە سەردەمی بلۆکی سۆسیالیزم و ستالینیەت نیە تا پرۆتۆکۆلەکان لە پشتی کەوالیسەکان و کۆشکەکانەوە ئیمزا بکرێت و بە شکستخواردنیشی هەمو ئۆباڵەکەی بگەرێنینەوە بۆ بەدبەختی گەلی کورد، وەك چۆن لە سەدەی رابردودا ئەم پرسەمان تاوتویٚ و ئەزموون کرد لە گەڵ کەمینەی سونی مەزهەبدا، دواجار بە ئاشبەتاڵ و ئەنفال و کیمیای باران هەرەسیان بە شۆرشەکانمان هێناو وەك نوکتەیەکی سیاسیش ئۆباڵەکەیمان خستە ئەستۆی زەمانەو ئیمپریالیزمی عالەمی و زایۆنیزم و ئینگلیزو چی و چی ؟!

کەمینە و زۆرینە لە عێراقدا دوو زاراوەو کۆنسێبتن بۆ دەسەڵات و بەرێوەبردنی سیاسیانەی دەوڵەت، ئەگەرچی لە ناوەرۆکدا زۆرینەو کەمینە پێش ئەوەی دووچەمکی نەتەوەیی بن دوو چەمکی مەزهەبی و ئاینین لە عێراقداو پێویستیان بە ئەزمونکردن و توێژینەوە هەیە لەپێناو رێگە گرتن لە دوبارە نەبونەوەی رژێمی سەرکوتکەری بەعس کە کەمینەیەکی یاخی و تاقیکراوەی بەردەستمانە، هەروەك بەدرێژایی زیاد لە هەشتا ساڵی رابردوو کەمینەیەکی سونی ئایدۆلۆژی پایەکانی حوکمرانی خۆی قایم کردبوو لە عێراقدا لە سەر بنەمایەکی بەرژەوەندخوازانەی ئایدۆلۆژی وسیاسی، بۆیە گرنگی ئەزمونکردن لێرەدا دەتوانێت کۆمەکمان بکات بۆ دارشتنەوەی عێراقێکی نوێی دیموکرات کە پێش ئەوەی زۆرینە یان کەمینە بێتە سەرحوکم خودی دیموکراسیەت و ئاڵوگۆری دەسەڵات حاکمیەتی هەبێت،ئەبێت ئەوەمان بیر بێت کەمینە ئەو هەمووساڵە تاکرەویانە چۆن حوکمی کردو بێباك بوە لە هەر ڕوبەروبونەوەو شۆرش و دژایەتیەکی زۆرینەوهەمیشە بە ئاگرو ئاسن وەڵامی زۆرینەی تاکی عێراقی و زۆرینەی مەزهەبییان داوەتەوە، لێرەدا ئێمە لە بەردەم ئەزمونی هەڵبژاردنی عێراقدا ئەتوانین ئەزمونێکی تر بهێنینە پێش چاوی خۆمان ئەویش ئەزموونی کەمینە دەسەڵاتدارە ناسیۆنالیزمەکەی بەعس بووکە زیاتر پشتی بە پرەنسیپە نەگۆرەکانی عەفلەقیەت و تێزی بنەماڵەی تکریتیەت ئەبەست وەك لەوەی بگەرێتەوە بۆ ئەو شەرعیەتە ئاینیەی کە ئەم کەمینەیەی لە پاش شۆرشی 14 تەمموزی 1958 بەرهەمهێنا کەمەزهەبی سونەوجەماعەیەو بەبیانوی راماڵینی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیانەی بێگانە و ئینگلیز کەلە حوکمرانیەتی دەستوری پاشایەتی ومەلەکیدا خۆی ئەبینیەوەوهەر ئەو بیرکردنەوە ئاینیەش بوو کە رازی نەبوو لە ناو بۆتەی عەرەبدا جگەلە زمانی عەرەبی هیچ زمان و ئاخاوتنێکی تر کاری پێبکرێت بەمەش هەمیشە لە بۆسەی کۆدەتای عەسکەری و پیلان و پیلانگێریدا بوون لە پاش نەمانی دەستوری هاشمی و مەلەکیەتەوە تا سەندنەوەی دەسەڵات لە قاسم و عارفیەکان، بەو بیانوەی ئەمانە غەرب و بریتانیای عوزمای کافریان لەپشتەوەیە بۆ پارچە پارچەکردنی جەستەی نیشتیمانی عەرەبی و بیرۆکەی شۆرش و روبەرو بونەوەشیان هەر لە هەناوی تێزو تێروانینە ئاینیەکانەوە بەرهەم ئەهێنا تا ئەوکاتەی سەددامی دیکتاتۆر پاش شەرە دۆراوەکانی یەکەم ودوەمی کەنداو بۆئەوەی بەرگی ئاینیانە بەشێوەیەکی دیماگۆگیانەتر بپێچیٚ لە دەسەڵات و کورسیەکەی هات بە دەستە گڵاوەکانی (الله اکبر) ی نوسی لە ئاڵای عێراق، وە دەتوانرێت بوترێت شەرانیترین و توندرەوترین دەستەی ئایدۆلۆژی و رێخراوەیی لە مێژووی تازەدا کە بۆنی خوێنیان لیٚ بێت لە عێراق بەعسیەکان بوون، ئێستاش نایانەوێت بێنە نێو هەڵبژاردن بە بیانوی جۆراو جۆرو هەبونی بێگانەوداگیرکاری وسێگۆشەی سونەش عێراقی کردۆتە گۆرەپانی خوێن و تیرۆرو نائارامکردنی شارەکانی عێراق، کەمینەیەك تا دوێنیٚ بە دەسەڵاتی دەوڵەت و دیکتاتۆریەتی قانون و ئەحکامە عورفیەکان عێراقی خستبوە ژێر چەپۆکە ئاگرینەکانی خۆی و سەرجەم بەهاکانی ژیان و دیموکراسی و ئازادیان لە تاکی عێراقی زەوت کردبوو بێئەوەی گویٚ بگرن لە یەك دەقی شەرعی و قورئانی ئێستاش هەمان کەمینە کە دەسەڵات و دەوڵەتی لێسەندراوەتەوەو روتکراوەتەوە لە دەستکەوتەکانی پێشوو هەست بە گۆشەگیری و حیرمان ئەکات و دووچاری هیستریابوەو دەیەوێت بەهەمان تێزو تێروانین بەڵام ئەمجارە توندرەوانەو مەنهەجیتر لە جاران بەتیرۆرو تۆقاندن حوکم بگرنەوە دەست، لە کاتێکدا ئەمرۆ عێراق گۆراوەو ئەوەتا لە بەردەم زۆرینەیەکی سیاسی شیعی مەزهەب و سەرسەختانە دەیانەوێت لە رێگەی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە عێراق کۆنترۆڵبکەن، ئەگەرچی ئەمرۆ کوردیش ئەوەتا لە نێو موعادەلە ئاڵۆزەکانی عێراقداو دەکرێت بەووردی حسابی بۆ بکرێت لەکاتێکدا ناکرێت بووترێت کورد کەمینە یان زۆرینەیە، کە هەندێك جار بەهەڵە بەکورد ئەوترێت کەمینە لە کاتێکدا کورد وەك گەلێکی دێرین لەسەر خاکی خۆیەتی و هەرێمێکی سیاسی پێکهێناوەو زۆرینەی ولاتی خۆیەتی و دەخوازێت بەفیدراڵیەت وەکو پرۆژەیەکی مۆدێرن چارەسەر بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە بەدەر لە دیاردەی کەمینەو زۆرینەی مەزهەبی و ئاینی کە زۆرجار ئەو گەمە سیاسیانە تا دوا ئاست ئەبنە فریودەرو لەودیو سنورەکانەوە دێن و کارایی خۆیان بەسەرماندا دەسەپێنن،ئێمە لە عێراقدا ئەگەرچی لە

بەردەم ئەزمونێکی تاڵی دیکتاتۆریەتی کەمینەدا ئەماننالاّند بەلاّم نابێت بێخەمیش بین لە دیکتاتۆریەتی زۆرینە کە رەنگە وەك پەرچەکردارێت دیکتاتۆریەتی دیموکراسیانە بسەپێنێت بەسەر کەمینەو رەنگ و نەژادو ئەتنیك و نەتەوەکانی دیکەی عێراقدا ئەمە لەحاڵێکدا بەرەنجامی هەڵبژاردن نەتوانێت دەستورێکی ئارەزومەندانە بخاتەوە کە رێگە بگرێت لەوەی کورسی سەرۆکایەتی نابێت بۆ کەس قۆرخ بکرێت و ئەبێت هەموومان لە عێراقدا پشت بە چەمکی تەوافق ببەستین، چونکە دەوڵەتانی ناسیۆنالیزمی ناوچەکە زۆر شێلگیرانە ئەمرۆ دەیانەوێت سنورەکانی خۆیان ئارام بکەنەوە لە رێگەی نائارامبوونی سنورەکانی عێراقەوە و زۆریش لە نەغمەی دیموکراسیەت ئەترسن دیارە ئەمەش بە ختوکەدانی هەستی مەزهەبی و ئاینی و دیاردەی داگیرکاری وکۆلۆنیالگەری ئەمریکی کە ماوەیەکە تەعبیئەی شەقام و میدیاکانی خۆیان پێئەکەن، بۆیە زەرورەتی قۆناغی نوێی عێراق تەنها بەو دەستورە ئەبێت کە ژیانی تاکی عێراقی و کوردوسەرجەم نەتەوەکانی تر بکرێتەوەو رێکبخاتەوە تا ئەو ئاستەی هەست بە کەمی و ناتەواوی نەکەن، دەشێت هەڵبژاردنیش وەك پرۆسەیەك و روداوێکی گرنگی مێژووی کە ئەگەرێکەو لە پێشمانەوەیە پێش ئەوەی هەر دەرەنجامێك بدات بەدەستەوە تاکرەوی و یاخیبونی کورسی و ئاڵوگۆری خێڵەکیانەی دەسەلاّت نەهێڵێ و رێگە بگرێت لە هەر ( ئینفیرادیەتێکی سوڵتەوی ) و هەر یاخیبون و دیکتاتۆریەتێکی زۆرینەوکەمینە بەرەو ئاڵوگۆری دەسەلاّت و جوڵەی کورسیەکان لە رێگەی دیموکراسیەتەوە بە تایبەتی ئەمرۆ زۆرینەیەکی شیعە مەزهەب ئەوەتا لە بۆسەداو خاوەنی ئەجێنداو گوتاری سیاسیانەی خۆشیەتی بۆ دەسەلاّت و سونەی کەمینەش خۆی لە پەراوێزدا ئەبینێتەوەو لەم حاڵەتەدا کورد ئەبێت ئەوەندە ماڵی خۆی قایم کردبێت تاوەکو ئەزموونەکانی رابردوی بەسەردا دوبارە نەکەنەوە.